# پۆلینکردنی تاوانەکان لەدەزگای چاکسازی تاچەند کاریگەری لەکەمکردنەوەیاندا هەیە؟





بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ڕیلیف:

**پێویستە تاوانباران دوای ئازادبوونیان چاودێریی کەیسەکانیان بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی تاوان نەبنەوە**



دەروونناسێک:

**دوای ئازادبوون لەبەندیخانە سزای یاسایی تەواودەبێت و سزای کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات**



بەڕێوەبەری ماڵی داڵدەی ئافرەتان:

**کۆمەڵگەی ئێمە لێبوردنی نییەو زیاتر لە سیستەمی چاکسازی بەرامبەر بەدووبارەکردنەوەی تاوانەکان بەرپرسیارە**

**لەهەموو وڵاتانی دنیا بە کوردستانیشەوە ژمارەیەك لەمرۆڤەکان بەهۆی ئەنجامدانی تاوان، یان کارێکی نەشیاو ڕەوانەی گرتووخانەکان و دەزگاکانی چاکسازی دەکرێن، لەو شوێنانەش بەپێی پلانەکانی حکومەت هەوڵی ئەوە دەدرێت کە گیراوەکان بتوانن جارێکی دیکە بۆ ژیانی ئاسایی بگەڕێندرێنەوە، بەڵام ئایا دەزگای چاکسازیی کوردستان تا چەند لە بواری پۆلێنکردنی تاوانەکان و جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ تاوانباراندا سەرکەوتوو بووە؟ ڕێکارەکانی کەمکردنەوەی تاوانەکان چین و چۆن دەکرێت تاوانبار کەسایەتییەکی تەندروستی بۆ بونیات بنرێتەوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە؟**

### ژمارەی تاوانبار و جۆری تاوانەکان لە دەزگای چاکسازیدا

دەزگای چاکسازیی نەوجەوانان و ئافرەتانی هەولێر، ئاشکرای دەکات کە لە ئێستادا حەڤدە ئافرەت بەتۆمەتی جیاجیا لەنێو ئەم دەزگایەدا حوکمدراون، لەوانە دەیان بەتاوانی کوشتن و سێیان بە تاوانی خیانەتی هاوسەری و یەك ئافرەت بە تاوانی تیرۆر و یەك ئافرەت بە تۆمەتی مادەی بێهۆشکەر و و دوو ئافرەتیش بەتۆمەتی ساختەکاری حوکم دراون. هەر لەنێو ئەم دەزگایەدا بەشی ڕاگیراوەکان (تەوقیفکردن) هەیە، کە چەندین ئافرەت لەخۆ دەگرێت، ئەویش بریتییە لە بیست و شەش ئافرەت کە چواریان بەتۆمەتی لەشفرۆشی و شەشیان بە تۆمەتی خیانەتی هاوسەری، سێ ئافرەت بە تۆمەتی کوشتن و پێنج بە تۆمەتی دزی و یەك بە تۆمەتی ڕفاندنی منداڵ و حەوت ئافرەتیش بەتۆمەتی گومانلێکردن دەستگیرکراون.

### پۆلێنکردنی کەیسەکان لە چاکسازی بە هەنگاوی سەرەکی دادەنرێت

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ڕیلیف (سەراب دلاوەر کاکەزیاد)، دەربارەی چونێتیی مامەڵەکردنی لایەنە پێوەندیدارەکان لەگەڵ کەیسەکانی ناو دەزگای چاکسازیدا، ئاماژەی بەوە دا کە سەرەکیترین قۆناخ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەندکراوەکان پۆلێنکردنی کەیسەکانە لەسەر بنەمای تاوانەکانیان بە بەندکراوو ڕاگیراوەوە، گوتیشی «لەقۆناغی چاکسازیدا پۆلینکردن زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر کەیسەکان جیانەکرێنەوە، کێشەی زۆر دروست دەبێت»، نموونەشی بەوە هێنایەوە کە ئافرەت هەیە بەتۆمەتی دزی دەستگیرکراوەو لەگەڵ ئافرەتێکی لەشفرۆشدا پێکەوە بەند دەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ئافرەتە کە بەتاوانی دزی گیراوە، فێری لەشفرۆشی بێت، یان بەپێچەوانەوە، ئەمەش دوای ئازادبوونیان گەورەترین قەیران بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات.

### حکومەت هەوڵی داوە دەزگاکانی چاکسازی کاراتر بکات

سەراب دلاوەر دەربارەی هەنگاوی چارەسەرکردنی کێشەی بەندکراوەکان دوای ئازادبوونیان، ئاماژە بەوە دەکات کە «حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی زۆری بە دەزگای چاکسازی داوە، توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونیی خاوەن ئەزموونی سەرکەوتووی بۆ بەندکراوان دابین کردووەو ئەم دەزگایەش تاوانەکانی بەندکراوەکانی پۆلێن کردووە بۆ ئەوەی لە ڕەوتی چاکسازیدا سەرکەوتووتر بن. بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ڕیلیف، ڕایوایە لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی حکومەت بۆ گەڕانەوەی تاوانباران بۆ باری ژیانی ئاسایی، بەڵام تائێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی باش کێشەکانی چاکسازی تاوانباران چارەسەربکرێت، بەپێویستیشی زانی «دوای ئازادبوونی تاوانباران چاودێریی کەیسەکانیان بکرێت و بەبەردەوامی لەلایەن دەزگا پێوەندیدارەکانەوە سەرپەرشتی بکرێن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تووشی تاوان و کێشەوگرفت نەبنەوە».

### لەسیستەمی نوێی چاکسازیدا هەوڵی چارەسەکردنی کێشەکانی بەندکراو دەدرێ

پارێزەر ئومێد عەبدولسەلام لەرووی یاساییەوە لە پرسەکە دەڕوانێت و ئەوەش بە پێوستی دەزانێت کە پۆلێنکردن لەسەر بنەمای ماددەی حوکمدانی بەندکراوەکە بێت. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «لە سیستەمی نوێی چاکسازیدا هەوڵی چارەسەکردنی کێشەکانی بەندکراو دەدرێت، نەك تۆڵەکردنەوە لەبەندکراوەکە، واتا لەم سیستەمەدا پێویستیمان بە پۆلێنکردنە، ئەوە زۆر گرنگەو دەبێت هەموو تاوانباران بەشێوەیەك لەشێوەکان پۆلێنکرابن، لەم پەیڕەوەشدا پشت بەو یاسانە دەبەسترێت کە ئەو کەسەی پێ حوکم دراوە»، گوتیشی «هەموو گیراوێك بە ماددەیەکی یاسایی بەندکراوە، ماددەی یاسای لەشفرۆشێك جیاوازە لە بکوژێك لەبەر ئەوە بەپێی ئەو ماددەیە پێویستە پۆلێن بکرێن، پۆلێن نەکردنیان وادەکات دوای ئازادکردنیان کێشەی زۆری لێبکەوێتەوە و تەنانەت لەوانەیە گروپی تاوان دروست بکەن»

### دوای ئازادبوونی گیراوەکان گرفتە کۆمەڵایەتییەکانیان دەستپێدەکات

پسپۆڕی دەروونزانی یوسف عوسمان، سەبارەت بەپێناسەی تاوان دەڵێت «هەرکەسێك دژ بەیاساو عورفی کۆمەڵگە کارێك بکات، ئەوا بەتاوانبار سەیر دەکرێت، بۆیە سزا دەدرێت و بەنددەکرێت، جەختی لەوەش کردەوە کە «تاوانبار دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە گرفتەکانی دەستپێدەکات، واتە سزای یاسایی تەواودەبێت، بەڵام سزای کۆمەڵایەتی

دەستپێدەکات، چونکە کۆمەڵگە ئەو کەسە بەئاسانی وەرناگرێتەوە، بەڵکوو وەك کەسێکی نامۆ تەماشای دەکات. بەوەش لەڕووی سایکۆلۆژییەوە گرفتی دەروونی لەلای ئەو کەسە دروست دەبێت، چونکە هەمیشە هەست بە نامۆبوون دەکات لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە وەك تاوانبارێك سەیری دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ڕەگەزی مێینە بێت، ئەوا بەهیچ شێوەیەك کۆمەڵگە وەری ناگرێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کەسێك ئەگەر تووشی سزایەك بێت، لەڕووی دەروونییەوە گرفتێکی لەلا دروست دەبێت و پێوسیتی بە ریفرێشێکی دەروونی دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە کۆمەڵگەش جارێکی دی سزای دەدات، ئەو کات ئەو کەسە تووشی گەورەترین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت، زۆرجار کەسێك کە تووشی ئەم گرفتانە دەبێت، پەنا بۆخۆکوشتن دەبات، بۆنموونە ئەگەر کچێك هیچی نەکردبێت تەنیا بۆ دادگا بانگ کرابێت، دایك

نابێت و بەردەوام بیر لە تۆڵەکردنەوە لە کۆمەڵگە دەکاتەوە.

## کۆمەڵگە زیاتر لە سیستەمی چاکسازی بەرامبەر بەدووبارەکردنەوەی تاوانەکان بەرپرسیارە

زۆر جار دەگوترێت، گیراوەکان دوای ئازادکردنیان تاوانەکانیان دووبارە دەکەنەوە، ئایا کێشەکە لە سیستەمی چاکسازیدایە، یان بەگشتی کۆمەڵگە بەرامبەر بە دووبارەکردنەوەی ئەو تاوانانە بەرپرسیارە؟ لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا بەڕێوەبەری ماڵی دالدەی ئافرەتانی هەرەشەلێکراو (بەهار رەفیق فەتحوڵڵا) دەڵێت: «بێگومان کێشەکە لە بوونی سیستەمی چاکسازیدا نییە، بەڵکو گرفتەکە لە کۆمەڵگەو دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیدایە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە لێبووردنی نییە، ئەگەر کەسێك بەماددەیەکی یاسایی دەچێتە ناو دەزگای چاکسازییەوە، کۆمەڵگە ڕەفزی دەکاتەوە، واتە کۆمەڵگەی ئێمە هەر لەبنەڕەتەوە قبوڵی زۆر شت

ئافرەتانی هەرەشەلێکراو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت «بێگومان ئەوەی کە هەموومان دەیزانین لەناو دەزگای چاکسازیدا بە بەردەوامی خولی جۆراوجۆر بۆ هەموو بەندکراوەکان دەکرێتەوە، بەڵام جارێکی دیکە ئەو کەسە دەچێتەوە نێو کۆمەڵگە، ئایا دەتوانرێت هەموو کۆمەڵگە وشیاربکرێتەوە؟ جەختی لەوەش کردەوە کە ئەو ستافەی لە چاکسازین، خولی تایبەتییان بینیوەو پسپۆڕیی خۆیان هەیەو بۆ هەموو کەیسەکانیش کەسی گیراو وشیاردەکرێتەوە، بەڵام کێشەی گەورە ئەوەیە دوای گەڕانەوەی بۆ نێو کۆمەڵگە گرفتی بۆ دروست دەبێت، گوتیشی «من ئافرەتم لەلایە، مرۆڤی زۆر باشەو هیچ جۆرە کێشەیەکی نییەو چەندین خولی جۆراوجۆرمان بۆ کردۆتەوە، بەڵام ئایا دوای چوونەدەرەوەی لە ماڵی دالدەدان، کۆمەڵگە چۆنی قبوڵ دەکاتەوە؟».

بەهار رەفیق، چارەسەرکردنی کێشەکان لەوەدا





وباوکی پێی دەڵێن تۆ ئابڕووی ئێمەت برد، دیسان لە ژوورێکی تەنیا بەندی دەکەن، لەم حاڵەتەشدا ئەو کەسە بیر لەوەدەکاتەوە کە خۆی بکوژێت، یان ببێتە تاوانبارێکی ڕاستەقینە، چونکە خێزان و کۆمەڵگە وەریان نەگرتۆتەوە».

## کەسی بەندکراو هەمیشە بیر لەتۆڵەکردنەوە دەکاتەوە

پسپۆڕی دەروونزانی یوسف عوسمان، رایوایە هەرکەسێکی تاوانبار کە سزا دەدرێت و زیندانی دەکرێت، هەست بەوە دەکات کە مافە سەرەتاییەکانی لەدەست دەچێت، لەبەر ئەوە خۆی وەك کەسێکی نامۆ دەبینێت، ئەوەش وادەکات کە هەمیشە بیر لە تۆڵەکردنەوە بکاتەوە. ئەو دەروونناسە هێما بۆ ئەوەش دەکات کە زۆر جار بەرپرسانی بەندیخانەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە ناکرێت ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ ئەو کەسانە ئامادەبکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە لەڕووی یاساوە تاوانبارن و سزای خۆیان دەبینن، بەڵام ئەگەر لە کاتی مانەوە لە بەندیخانە و ناوەندەکانی چاکسازی بە شێوەیەکی ورد مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوە کەسی گیراو هەمیشە هەست بەسزای قورس دەکات، بۆ یە لەڕووی سایکۆلۆژییەوە باری دەروونی جێگیر

ناکات، کەسێك ئەگەر تاوانێکی زۆر سادەشی کردبێت کە چووبێتە دەزگای چاکسازی و دوای ئەوەی کە ئازاد دەبێت، کۆمەڵگە وەری ناگرێتەوە».

ئەو بەڕێوەبەرە هێما بۆ ئەوەش دەکات کەسێك دوای ئەوەی کە لەچاکسازی هاتبێتە دەرەوەو بیەوێت لەکارگەیەك، یان لەدووکانێکدا کاربکات، ئەگەر بزانن لەچاکسازی بووە، کاردانەوەیەکی تایبەتیان بەرامبەری دەبێت، ئەوەشی وەك نموونەیەك باسکرد کە کۆمەڵگە کەسی سزادراوی یاسایی وەرناگرێتەوەو لەئەنجامدا ئەو کەسە ڕوو لەڕێگەی هەڵەو کاری نابەجێ و تاوانکردن دەکاتەوە.

بەهار رەفیق زیاتر گوتی «بەو هۆکارانە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە گرفتەکە لەشوێنی چاکسازی نییە، بەڵکو لە کۆمەڵگەو بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتییە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە لێبووردنی نییە».

نەبوونی وشیاریی تاك و کۆمەڵگە لە جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵ کەسانی سزادراو، قسەوباسی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئایا ناوەندەکانی چاکسازی لەو بوارەدا چۆن هاوکاریی کەسانی سزادراو دەکەن؟ بەڕێوەبەری ماڵی دالدەی

دەبینێت کە هەوڵبدرێت چاکسازی لەکۆمەڵگەدا بکرێت و کۆمەڵگە وشیار بکرێتەوە، بەجۆرێك کە تاکی کۆمەڵگە بتوانێت لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دووربکەوێتەوە، گوتیشی «پێویستە ئێمە هەوڵبدەین وا لە کۆمەڵگە بکەین، کە لێبوردەیی تێدا دروست بکەین، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەو گیانە لێبوردەییە بەرهەم نەهاتووە، ئێمە دەبێت بۆ تیۆری ڤۆڵتێر کە باسی هەوڵی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە دەکات، هەنگاوی جددی هەڵبگرین، چونکە هەموو کێشەکان بەوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە چارەسەر دەکرێت و ئێمەش دەبێت مەفهوومی توندوتیژی لەناو کۆمەڵگەدا بنبڕبکەین و بگەڕێینەوە بۆ چەمکە رۆحی و مەعنەوییەکان و لەچەمکە ماددیەکان دووربکەوینەوە».

## بەندیخانەکانی وڵاتان کۆنتاکتێکی تەواویان لەگەڵ پسپۆڕانی دەروونناس هەیە

دکتۆرە نیان کەمال، پزیشکی دەروونناسە و بەمجۆرە ئاماژە بە گرفتە دەروونییە جیاوازەکانی بەندکراوان دەکات «بێگومان ئەو کەسەی کە دەستگیر دەکرێت، تووشی کۆمەڵێك کاریگەری و گرفتی دەروونی دەبێت، لەبەر ئەوەی هەر لەکاتی

دەســـتگیرکردنی هەتا ئەو کاتــەی کە دەچێتە بەندیخانەوە، تەنانەت دوای ئازادبوونی ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کاریگەری و گرفتی دەروونی دەبێتەوە، چونکە ئەو کەســە کە لە بەندیخانە ڕووبەڕووی زۆر گرفــت دەبێتەوە دوای ئازادبوونیشـــی کە دەچێتە ناو خەڵکەوە بەهەمان شێوە تووشی گرفت دەبێت، چونکە کۆمەڵگە وەك تاوانبارێك تەماشای دەکات، ئەمانــە هەمـــووی کاریگەری ســـلبی لەسەر ژیانی دروســـت دەکەن، لەبەر ئەوە هەموو کەسێك دوای ئازادبوونی لەبەندیخانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیران و گرفتی جۆراو جۆری دەروونی دەبێتەوە، بێگومان لێرەدا دوای قۆناخی بەندیخانە کەسێکی نەخۆشمان بەرهەمهێناوە، خاڵێکی دیکە کــە زۆر گرنگە ئەوەیە، کە لــە هەموو وڵاتانی دەرەوەدا بەندیخانــەکان کۆنتاکتێکـــی تەواویـــان لەگەڵ پسپۆڕانی بەشی دەروونیدا هەیە، چونکە زۆربەی ئەو کەســـانەی کە تـــاوان ئەنجامدەدەن،

**بەندکراویش پێویســـتە هەوڵی چاکسازیی خۆی بـــدات کـــە بەشـــێکی زۆر لەگرفتەکانی ژیانی چارەسەر دەکات**

ئەو پزیشـــکە دەروونناســـە جەخت لەوەدەکاتەوە ئەگـــەر بەرنامەیەکی گونجـــاو لەنێو بنکەکانی چاکســـازیدا پەیڕەوبکرێت، ئەوکات دەتوانرێت لە کەســـی تاوانبار چاکســـازی بکرێت و دەکرێت هەموو کەسەکان گۆڕان بەسەر لایەنی دەروونییاندا بکرێت، «بەڵام ئەوەشـــمان لەیاد نەچێت، پێوستە کەســـەکانیش هەوڵی ئەوە بدەن کە خۆیان چاك بکەنەوە، کە ئەوەش بەشێکی زۆر لە گرفتەکانی ژیانیان چارەسەر دەکات».

گوڵزار عومەر وەك توێژەرێکی دەروونی، دەربارەی پۆلێنکردنی کەســـەکان ئاماژە بـــەوەدەدات، کە گرنگترین پرۆسە لەقۆناغی چاکسازیدا لەڕووی دەروونییـــەوە پۆلێنکردنـــی کەســـەکانە، گوڵزار سەبارەت بەسوودەکانی پۆلێنکردن دەڵێت «کەسی خۆیانی لێ لادەدەن، ئیتـــر ئەویش ناچارە ببێتە برادەری ئەو کەســـانەی کەوەك خۆی تاوانبارن، لەم حاڵەتەشـــدا ئەو کەســـە لەوانەیە دووبارە بیر لە ئەنجامدانـــی تاوان بکاتەوە، لێـــرەدا دەکرێ بگوترێـــت ناوەنـــدی چاکســـازی ئەگەر کاری خۆیشی کردبێت، بەڵام بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە تاوانبارە بـــەوەی لێبوردەیی نییە، ئەوا تاوانەکان دووبارە دەبنەوە».

مافپەروەر موئەیەد محەمەد ئەمین حســـەن، بەڕێوبـــەری دەزگای چاکســـازیی نەوجەوانان و ئافرەتانـــی هەولێـــر، دەربـــارەی پۆلێنکردنی کەیســـەکان، دەڵێت «ئێمە لەکاتی ئێستادا زۆر بـــەوردی پۆلێنی بەندکـــراوەکان دەکەین، ڕەنگە ئەگەر پێشتر جۆرە تێکەڵبوونێك هەبووێت، بەڵام ئێمە ئێســـتا هەموومان پۆلێنکردووە، هەر جۆرە ڕەگەزێکیش بەپێی یاســـا مامەڵـــەی لەگەڵدا دەکەین، بۆنموونە یاســـای (بغا) بۆ پۆلێنکردنی





شتێکی ئاســـاییە کە کێشەیەك یان هەڵچوونێکی دەروونییان هەیە، یان کەسایەتییەکی شەڕانگێزیان هەیـــە، لەبەر ئەوە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپادا هەندێـــك جـــار دادوەرەکان لەجیاتـــی بەندکردن، گیراوەکان بەمەبەستی چارەســـەرکردن ڕەوانەی دامەزراوەیەکـــی دەروونـــی یان نەخۆشـــخانەی دەروونـــی دەکـــەن، ئەگەر کەیســـەکە ئامادەبێت چارەســـەربکرێت، ئەوا لەو دامـــەزراوە دەروونییە چارەســـەردەکرێت، لەبەر ئەوە لەوێ چارەسەرەکان هەنگاو بەهەنگاو دەکرێن، واتا یەکسەر تاوانبارەکە ڕەوانـــەی بەندیخانە ناکرێت، چەندین قۆناخ هەیە بۆ کەیســـی تاوانبار بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت، بێگومـــان ئـــەم هەنگاوانە لە وڵاتانـــی ئەورووپا بەشـــێوەیکی زۆر ورد پەیڕەودەکرێت، واتا مەرج نییە ئەو کەســـەی کـــە تـــاوان دەکات، بچێتە بەندیخانـــە، یەکێـــك لەهەنگاوەکانـــی دیکە کە پەیڕەو دەکرێت،ئەوەیە هەموو بەندکراوێك چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەرئەنجام دەدرێت، واتا چەندین پرۆگـــرام هەیە بۆ ئەو کەســـە لەکاتی کارەکەیدا بێجگە لەوەی کە هەر بەندکراوێك چەندین چاودێر و پســـپۆڕی تایبەتی هەیەو بەبەردەوامی لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی بەندکراوەکەدا مامەڵە دەکەن».

بەندکراو پێویستی بەوە هەیە لەڕووی دەروونییەوە چارەسەری کێشەکانی بۆبکرێت، لەبەرئەوە دەبێت کەسەکان لەســـەر بنەمای گونجاندنی دەروونی کۆمەڵایەتی دابنرێـــن و هەوڵبدرێت لە هۆڵێکدا تەنیـــا دوو تا ســـێ کەس دابنرێـــن، بەمەرجێك تاوانەکانیشـــیان هاوشـــێوە بێت، ناکرێت دزێك و لەشفرۆشێك لەیەك ژووردابن».

لەیاســـای نێودەوڵەتـــی دەزگای چاکســـازیدا بەکارهێنانـــی هۆڵـــی گـــەورە بـــۆ بەندکردن قەدەغەکراوە، لەبەر ئـــەوەی کە کۆمەڵێك کەس پێکەوە دادەنرێن کە لەڕووی دەروونییەوە جیاوازن و هەریەکەیان جۆرە نۆرمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، لێرەدا ئەم کەســـانە ڕووبەڕووی قەیرانی دەروونی دەبنـــەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کـــە ئەنجامدانی چاکســـازی لـــە بوارەکانـــی کۆمەڵایەتی ئەو بەندکراوانەدا پێوستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە.

گوڵزار عومەر جەخت لـــەوەش دەکاتەوە کە ئەو کەســـەی تاوانێکی ئەنجام داوە، ســـزای خۆی وەرگرتـــووە، بەڵام کۆمەڵگـــەش جارێکی دیکە سزای دەدات، واتە کاتێك کە دێتەوە ناو کۆمەڵگە، لەجیاتی هاوکاری بکەن، گۆشـــەگیری دەکەن، بـــەردەوام دەڵێن ئەو کەســـە تاوانی کردووە، بۆیە ئافرەتـــان بەکاردەهێنین، چونکە لەم یاســـایەدا ڕێوشـــوێنی تایبەتی بۆجیاکردنەوەی ئافرەتەکان دانراوە، دەربارەی نەوجەوانانیش بێگومان یاسای تاوانـــی نەوجەوانانمـــان هەیە بـــۆ پۆلێنکردنی نەوجەوانـــەکان، ئـــەوەی گرنگە بـــەلای ئێمەوە ئەوەیە کە لەناو دەزگای چاکسازیدا بەندکراوەکان بەشێوەیەکی زانستی پۆلێنکرابن».

موئەیەد محەممەد ئەمیـــن ئاماژەی بەوەدا کە لە یاســـای نەوجەوانان زیاتر تەمەن کراوەتە پێوەر بـــۆ پۆلێنکردنیـــان، واتە هەندێکیـــان تەمەنیان زۆر منداڵە لـــە هۆڵێکدان و ئەوانی دیکەش کە نەوجەوانن لەهۆڵێکی دیکەدان، ئەوەشی خستەڕوو کە بۆ جیاکردنەوەی ئافرەتان پشـــتیان بەیاسای (بغا) بەستووە ئافرەتان لەسەر بنەما یاساییەکان و تاوانەکانیان و ئەو یاســـایانەی کە جۆرەکانی تاوان دەستنیشان دەکەن، پۆلێنکراون.

نموونەشـــی بـــەوە هێنایەوە کە لەشفرۆشـــەکان لەهۆڵێکی جودا دادەنرێن و لەگەڵ ئافرەتەکانی دیکەدا تێکەڵ ناکرێن، جەختی لەوەش کردەوە کە بۆ ڕاگیراوەکان (مەوقوفەکان)یش هەمان پرۆگرام پەیـــڕەو دەکەن و بەپێی یاســـا تایبەتمەندییەکان جودایان دەکەینەوە.

# گرفتەکانی ئافرەتان لە ناو کەرتی تایبەتدا



**بەهۆی زۆربوونی هەلی کار، بەشێکی زۆر لە ئافرەتان جیا لە فەرمانگە حکومییەکان ڕوو لە کەرتی تایبەت دەکەن، زۆربوونی داواکارییەکانی کەرتی تایبەتیش بۆ ڕەگەزی مێ بەتایبەتی وایکردووە ڕێژەیەکی بەرچاو لەو کەرتەدا کاربکەن، بەڵام ئەوان لەڕەوشـــی بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانەو شوێنی کاری خۆیان کێشەوگیروگرفتی خۆیان هەیەو باسی ئاریشەکانیان بۆ گوڵان دەکەن.**

### گەنجەکان بەتایبەتی زۆر بێزارمان دەکەن

«هەرچەندە من دەرچـــووی زانکۆم، بەڵام بەهۆی نەبوونی دامەزراندن، ئێســـتا لێرە کاردەکەم و گلەییم زۆرە لە کوڕە گەنجەکان، چونکە زۆر بێزارمان دەکەن، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە بەتەنیا دێنە نێو مۆڵ و سوپەرمارکێتەکانەوە زۆربەیان چاوم تێدەبڕن و بێزارم دەکەن»، ئەمە قسەی شـــینار بوو کە ماوەی زیاتر لە دوو ســـاڵە لەبازاڕی (ماجیدی مۆڵ)ی هەولێر کاردەکات. ئەو کچە فەرمانبەرە ســـبارەت بە کاری ئافرەتان لـــە کەرتی تایبەت جەخت لەوە دەکاتەوە کە ســـەرەکیترین کێشەیان لەگەڵ کۆمەڵگەدایە و دەڵێت «هێشـــتا کۆمەڵگە بەچاوێکی نامۆ تەماشای ئەو ئافرەتانە دەکات کە لەنێو کەرتی تایبەت کاردەکەن». وەك شنیار باســـیکرد کێشەیەکی دیکەیان ئەوەیە کە ماوەی کارکردنیـــان کاتێکی زۆرەو زۆر ماندوودەبن، ســـەرەڕای ئـــەوەی کە ئـــەو پارەیـــەی وەریدەگرن کەمـــە و لەگەڵ ماوەی کارکـــردن و ماندووبوونیان یەکناگرێتەوە. نیگەرانی خۆیشـــی لەوە دەربڕی، کە «هیچ جۆرە زەمانەتێکی ژیانیشمان نییە، هەرکاتێك نەخۆش بکەوین، یان تووشی کێشەیەك بین، یان بەهەر هۆیەك نەتوانین بۆماوەیەکی کورتیش کاربکەین، ئەو کات کارەکەمان لەدەست دەدەین».

### خەڵکانێکی نەفسنزم و دەروون نەخۆش بەچاوێکی نزم سەیرمان دەکەن

شـــۆخان، یەکێکە لەو سەدان ئافرەتانەی کە لەمینی مارکێـــت و مۆڵ و شـــوێنەکانی دیکـــەی کەرتی تایبەت لەناو شاری هەولێر کاردەکەن، ئەو ڕای وایە زیادبوونی ئافرەتانـــی نێو کەرتی تایبەت، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە پێویستی ئەو جێگەیانە و پاکوخاوێنی و سەرنجڕاکێشانی ئافرەتان، نموونەشی بەوە هێنایەوە کە «کاتێك ئافرەتێك لەسوپەرمارکێتێك یان ئۆتێلێك کاردەکات، جۆرە ڕەواجێك بۆ ئەو جێگایە دروســـت دەبێت و کڕیاری زیاتر دەبێت، یان خاڵێکی گرنگ و ســـەرەکی ئەوەیە کە ئافرەتان زۆر بایەخ بە پاکوخاوێنی دەدەن و بەشـــێوەیەکی جوان و ڕێکخراو کەلوپەلەکانی نـــاو شـــوێنەکان دەڕازێننەوەو ڕێزی زۆریش لە کڕیارەکان دەگرن».

**پەرلەمانتارێک: یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن مافەکانیان پارێزراوبێت**

**ئابووریناسێک: حکومەت پێویستە هانی ئافرەتان بدات بۆ ئەوەی لەکەرتی تایبەتدا کاربکەن و ڕۆڵ و پێگەی خۆیان بچەسپێنن**

**ئافرەتێکی فرۆشیار: هەندێک کچی نەفام خۆبەزلزان بەدڵڕەقییەوە قسەمان لەگەڵ دەکەن، ئەمەش ئازاری دەروونی بۆ ئێمە دروستدەکات**

بەڕای شۆخان، ئەوە ئافرەتانەی کە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، گەرچی تاڕادەیـــەك توانیویانە خزمەتێك بـــە خۆیـــان و خێزانەکەیان پێشـــکەش بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا گەلێك کێشەیان بۆ دروست دەبێت. گوتیشـــی «بەتایبەتی ئافرەتانـــی کەرتی تایبەت لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەمیشە لەلایەن خەڵکانێکی کۆنەپەرست و گەندەڵ و نەفسنزم و دەروون نەخۆشەوە بەچاوێکـــی نزم تەماشـــادەکرێن، زۆرجـــار لەلایەن دراوســـێکانەوە بەقســـەی ناحەق توانجی ناشیرینیان لێدەدرێ، ئازاری دەروونـــی دەدرێن و بە مامەڵەی خراپ و نابەجێ هەستیان بریندار دەکەن».

### مووچەکەمان بەرامبەر بە کاتی کاردکرنمان زۆر کەمە

ســـەناریا کچێکـــی گەنجـــەو بـــەدەم کارکردنیەوە ماندووبوون بەناوچەوانیەوە دیاربوو، ئەو بە بێزارییەوە دەڵێـــت «چەندین هـــەرزەکاری قوتابی کۆلێژ لەبەر دابینکردنی پێداویســـتی ژیـــان ڕووی لەکارکردنی نێـــو کەرتی تایبەت کردووە، زۆریـــش ماندوو دەبن، بـــەڵام مووچەکەیان بەرامبەر بـــە کاتی کارکردنیان زۆر کەمـــە». زیادبوونی ئافرەتانیشـــی لەناو بوارە جیاجیاکانـــی کەرتـــی تایبەتدا بـــە «هەنگاوێکی شارســـتانی» زانـــی و هاوکات گوتـــی «ئەوەی جێگەی داخە، بەشی هەرە زۆری کچان لە نێو کەرتە تایەبەتییەکان ڕووبەڕووی گرفتی جۆراوجۆر دەبنەوە، هەر لە تەحەروشـــپێکردن بەقسەو تیروتوانج تادەگاتە دەستبۆبردن، هۆکارەکەشـــی ئەوەیە کە خەڵکانێکی دواکەوتوو هەن ناتوانن بیر و هزری خۆیان بەرەو پێش بەرن، بەهۆی ئەم بارەشـــەوە زۆبـــەی ئافرەتانی نێو کەرتی تایبەت ماندووبوونی دەرونییان پێوە دیارە».

### پێویستە هەوڵی ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە بەرامبەر بەکاری ئافرەتان بدرێت

شـــیرین یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لەبەر قورسی و گرانی باری ژیان، ناچار بووە واز لە خوێندن بهێنێت و کارێك بۆخۆی بدۆزێتەوە، بۆیە لە یەکێك لەسوپەر مارکێتەکاندا کاردەکات. ئەویش بەپێویستی دەزانێت ئافرەتان لەکایە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا ڕۆڵیان هەبێت. «کارکردنی ئافرەت لەگشـــت بوارەکاندا پێویســـتە، بەتایبەتی لەنێو مۆڵەکان، چونکە بەشـــێکی زۆری کڕیارەکان ئافرەتن و وەهاش باشترە کە فرۆشیارەکەش ئافرەت بێت، بەتایبەتی زۆر شت هەیە کە تایبەتە بە شـــتومەکی ئافرەتان وەك جلوبەرگ و کەرەستەکانی جوانـــکاری ئافرەتان و هەندێك شـــت کەتایبەتن بە ئافرەتان، وەها باشـــترە کە فرۆشیارەکەشـــی ئافرەت بێت، چونکە ئاشـــکرایە ئافرەتان باشـــتر لە یەکتری تێدەگەن و دەتوانن باشـــتر مامەڵـــە لەگەڵ یەکتردا بکەن، تاوەکو بتوانرێـــت کارەکە بۆ ئافرەتە کڕیارەکە ئاســـان بکرێت». شیرین ئەوەش ناشـــارێتەوە کە لە کاتـــی کارکردنیدا تووشـــی کێشـــەو گرفت دەبێت، لەوبارەیـــەوە دەڵێـــت «ڕۆژانە لەگـــەڵ کڕیارەکاندا تووشی کێشـــەی جۆراوجۆر دەبم، چونکە بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگە بەچاوێکی نادروست تەماشای ئافرەتانی نێو کەرتی تایبەت دەکەن، کێشەی ئێمەش تەنیا لەگـــەڵ گەنجانی هەرزەکادا نییە، بەڵکو زۆر جار تووشی کێشـــە دەبین لەگەڵ گەنجانی قوتابی کۆلێژەکاندا کـــە زۆر جار توانج دەهاون و قســـەی هـــەرزەکاران دەکەن، مامەڵەی ناشایســـتە دەکەن کە گونجاو نییە لەگەڵ ئافرەتاندا بەکاربێت»، گوتیشی «ئـــەوەی جێگەی داخە هەندێـــك کچی نەفامیش مامەڵەکانیـــان لەگەڵماندا نادروســـتە و زۆر جاران خۆیان بەســـەرمان دا تووڕەدەکەن بە خۆبەزل زانی و دڵڕەقیەوە قسەمان لەگەڵ دەکەن، ئەمەش ئازارێکی دەروونی بۆ ئێمە دروست دەکات». پێشنیاری ئەوەشی کرد کە «سەندیکایەك بۆ ئەو ئافرەتانە بکرێتەوە کە لـــە بوارەکانی کەرتی تایبەتیدا کاردەکەن، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کەلەناو سوپەرمارکێتەکان کاردەکەن، چونکە ئەگەر ســـەندیکایەك هەبێت باشتر دەتوانرێت کارەکەیان بپارێزرێت لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەوڵی ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە بەرامبەر بەکاری ئافرەتان بدرێت».

### ئافرەتان دەتوانن ڕۆڵێکی کارا لەگەشەی ئابووری کۆمەڵگەدا ببینن و پێویستە ئاسانکارییان بۆ بکرێت

هـــەردی کەریم توێژەری دەروونـــی لەوەزارەتی کار، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە « ئافرەتان باشترە لەم شوێنانەدا کارنەکەن، چونکە ڕووبەڕووی هەموو جۆرە کەسانێك دەبنەوە، گوتیشی «بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە کەســـانی دەروون نەخۆش و دواکەوتووی زۆری تێدایە کـــە وەك کاڵایەك مامەڵە لەگـــەڵ ئافرەتان دەکەن، بۆیە ئەگەر ئافرەتێك لەشوێنێکی وەك مۆڵێك یان ئوتیلێك کاربکات، تووشی کێشە دەبێت و شتێکی حەتمیە کە گێچەڵی پێدەکرێت، بەمەش ئەو ئافرەتە ڕووبەڕووی کێشـــەی دەروونی دەبێتەوە، لەبەر ئەوە وەها باشترە کە لەم شوێنەنانە کارنەکەن.

ئابووریناـــس ئـــاراس کەریم، هێما بۆ ئـــەوە دەکات کـــە کۆمەڵگە بەکارکردنی ئافرەتان شـــارەزا نەبووە، گوتیشی «ئافرەتان دەتوانن ڕۆڵێکی کارا لە برەودانی ئابووری کۆمەڵگەدا ببینن و و پێویستە ئاسانکارییان بۆ بکرێت».

### پڕۆژەیاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوە

لەلای خۆیەوە جێگری ســـەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان (هاژە ســـلیمان) کارکردنی ئافرەتـــان لەکەرتی تایبەتدا بە نیشانەی پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەزانێت و دەڵێت «ئەوە جێگەی خۆشحاڵییە کە ئافرەتانی کورد ئەمڕۆ شانبەشانی پیاوان لەگشت بوارەکانی کەرتی تایبەتدا دەبینرێن، هەندێـــك لە ئافرەتان تادرەنگانی شـــەو لە مۆڵەکان کاردەکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەئافرەتان تواناکانیـــان بەگەڕدەخەن و دەتوانن وەك پێویست ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەنێو کەرتی تایبەتدا ڕووبەڕووی کێشـــەی جۆراوجۆری وەك تەحەروشـــپێکردن و هەراسانکردن دەبنەوە».

**دەروونناسێک: کۆمەڵگەی ئێمە کەسانی دەروون نەخۆش و دوواکەوتووی زۆری تێدایە کە وەک کاڵایەک مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان دەکەن**

ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشـــی خســـتەڕوو کە ماوەیەك لەمەوبەر یاسایەك لەپەرلەمان دەرچوو کە تایبەتە بە مافی کارودەستەبەری کرێکار کە ئەو یاسایە ئێستا لە هەرێمی کوردســـتاندا جێبەجێدەکرێت، گوتیشـــی «هەرچەندە ئەو یاســـایە پێشـــتر لە ساڵی ١٩٧١دا دەرچووە، بەڵام زۆربەی بڕگەو ماددەکانی پێویستی بەهەمواركردنـــەوە بوو، بۆنموونە ئێمـــە یەکێك لەو بڕگانـــەی کەهەموارمان کردووە ئەوەیە کە کرێکاری ئافـــرەت لەناو کەرتی تایبەتدا وەك کەرتی گشـــتی مافەکانـــی پارێزراوبێت، وەك ئـــەوەی کە کرێکاری ئافرەت ئەگـــەر دووگیان بێـــت، دەتوانێت مۆڵەتێك بۆماوەی شـــەش مانـــگ بەنیـــوەی مووچەکەی وەربگرێت، ئەمـــەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی کە ئافرەتانی نێو کەرتی تایبەتی هەســـت بەوەبکەن کە تاڕادەیەك هەندێـــك لەمافەکانیان پارێزراوە، زۆر بڕگەی تریشـــمان لەیاســـاکەدا زیادکردکە سوودی بـــۆ کرێکارانی کەرتـــی تایبەت هەیـــە، بەهەردوو ڕەگەزەوە بەتایبەتی ئافرەتان، ئێستاش پڕۆژەیاسای دەســـتەبەری کۆمەڵایەتی لەپەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆکـــراوەو بێگومان ئەم یاســـایە دەبێتە هۆکارێك بـــۆ ئەوەی کـــە ئەو کەسانە مافەکانیان پارێزراوبێت».

